هەڵبژاردنەکانی کوردستان درزێکی نوێ لە نێوان بەغدا و هەولێر دروست دەکات

ئیمان عەبدولڕەزاق پێرلەمانتاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، خاڵێکی نوێی ناکۆکی نێوان حکومەتی بەغدا و هەولێری ئاشکرا کرد سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی پێرلەمانی هەرێم کە بەیارە لە 25 ی شوباتی 2024 ئەنجام بدرێت.

عەبدولڕەزاق بە ئاژانسی "موتەڤ" راگەیاند " سەرجەم کوتلە و لایەنە سیاسییەکان ئامادەن بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێرلەمانی هەرێمی کوردستان لە کاتی خۆیدا." ئاماژەی بەوەشکردووە، "خاڵی ناکۆکییە نوێیەکە کە لە نێوان بەغدا و هەولێردا هەیە، خێی لەسیستەمی هەڵبژاردندا دەبینەتەوە کە هەرێم لە 25 ی شوباتی ساڵی داهاتوودا پێیەوی دەکات،" ئاماژەشی بەوەدا "پێویستە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو شەفافیەت و دادپەروەریان هەبێت، بەتایبەتی کاتێک داتای دەنگدەران و دەسیی مردن چارەسەر دەکرێن."